سەرۆک کۆمار: عێراق ژینگەیەکی لەبار و گرنگە بۆ وەبەرهێنان

سەرۆک کومار عەبدولەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ سێشەممە، جەختیکردەوە کە عێراق ژینگەیەکی لەبار و گرنگی وەبەرهێنانە و هەنگاوەکانی حکومەتیش پشتیوانی لە کەرتی تایبەتی وەبەرهێنان دەکەن.

لەبەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتووە :- کە سەرۆک کۆمار ئەمڕۆ لەکۆشکی سەلام لەبەغداد پێشوازیکرد لە سەرۆک و نوێنەرانی نێردە دیبلۆماسی وعەرەبی وئیسلامیەکان لەلای عێراق.

لەبەرایی دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە پیرۆزبایی لێکردن.

هەروەها سەرۆک کۆمار کۆششی سەرجەم نێردە دیبلۆماسیەکانی بەرزنرخاند بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عێراقدا لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی هەردوولا و هەماهەنگی لەپێناو بەدیهێنانی خواست وهیواکان، جەختیشی کردەوەلەوەی کە عێراق ئێستا ڕۆڵی تەوەرئامێزی خۆی لەناوچەکەدا گێڕاوەتەوە و ئەویش بەهۆکاری نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی لەنێوان وڵاتانی دەست ، جگەلەوکۆششانەش کەعێراق خستویەتیە گەڕ بەپتەوکردنی باری سەقامگیری و پشتیوانیکردنی پڕۆژەی ئابووری وبازرگانی بۆ بەرژەوەندی هاوبەش.

هەروەها سەرۆک کۆمار پێداگریکرد لە ڕاگرتنی شەڕی غەززە وڕزگارکردنی گەلی فەلەستینی، چونکە گەر گەلی فەلەستین مافەکانی خۆی بەدەستنەهێنێت ئەوا ناوچەکە ئارامی بەخۆوە نابینێت.

لەلایەن خۆشیانەوە باڵیۆزو نێردە دیبلۆماسیەکان پشتیوانی خۆیان بۆ کۆششەکانی عێڕاق دووپاتکردەوە لەبواری سەقامگیری وئاسایشی نێوخۆیی و جەختیشیان کردەوەسەر ئەوەی کە وڵاتەکانیان هیواخوازن پەیوەندیەکانیان لەگەڵ عێڕاق پتەوتربکەن لەسەرجەم بوارەکاندا.